# سەرۆکی فلیپین و سەرۆک کۆماری عێراق



هیوا ناسح ـ سویسرا
hiwanaseh@hotmail.com

ئەگەر باوک بە پێی بونیاد و پێکهاتەی کۆمەڵگای باوکسالاریی ڕۆژهەڵاتیی، سەرۆک و بەرپرسی خێزان بێت، ئەوا سەرۆکی هەر وڵاتێکیش (جا چ ژن بێت یان پیاو) باوکی هاووڵاتیانی ناو ئەو سنورەیە.
هەر هاووڵاتییەکیش کۆمەڵێک ئەرکی لەسەر شانە و بەرامبەر ئەمەش کۆمەڵێک مافی هەیە، ئەوە تەنها لە وڵاتە فاشی و دیکتاتۆرەکاندایە کە دەستەڵات تەنها ئەرک دەخاتە سەر شانی هاووڵاتیانی و مافەکانیشیان بە منەت و خەڵات و دەسکەوت، پێ دەفرۆشێتەوە. یەکێک لە مافەکانی هاووڵاتیی، کە لە بەندی (٣) ی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیشدا هاتووە، ئەوەیە کە (هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە). واتە ئەرکی سەرەکی دەوڵەتە کە ئاسایش و ئازادی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاکەی دابین بکات و لە کاتی کەوتنە مەترسیی ژیان و کەرامەت و ئازادی هەر تاکێکیاندا، دەبێت دڵسۆزانە غەمی بۆ بخوات و گرفت و کێشەکەی بۆ یەکلایی بکاتەوە.

سەرۆکی فلیپین (د.گلۆریا ئەوریۆ)، ئەو ژنە سەرکردەیەی سەرۆکی وڵاتێکی پێکهاتوو لە زیاتر لە ٧٠٠٠ دورگەی دوورە دەستی تورِ فرێدراوی ناو دەریا و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، ئەو وڵاتە هەژارەی نزیک بە ٩٠ ملیۆن دانیشتوانی هەیە کە بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان ٤٠% یان لە ژێر خەتی هەژاریەوە دەژین، تەنها لە مانێلای پایتەختیدا زیاتر لە ٦٠ هەزار منداڵی دەستفرۆش هەیە. فلیپین هەم بۆ کۆمەکی دارایی و هەمیش بۆ بەرەنگار بوونەوەی گروپە چەکدارەکانی (ئەبی سەیاف) و شۆڕشگێرە ماوییەکان، پێویستیەکی زۆری بە ئەمریکای زلهێز هەیە، بۆیە دۆستی یەکن و یارمەتی مادیی و سەربازی و هەواڵگریی لێ وەردەگرێت. ئەوە بوو بە ٥٠ سەرباز بەشداری هێزی هاوپەیمانانی لە عێراقدا کرد. مەبەستم لەم زانیاریانەی سەرەوە،تەنها ئەوەیە کە فلیپین وڵاتێکی ئەورووپی نییە کە پێویستیەکی وای بە ئەمریکا نەبێت و لێی بێ منەت بێت.

لە مانگی حەوتی ساڵی ٢٠٠٤ دا کرێکارێکی فلیپینی بەناوی (ئەنجیلۆ دی لاکروز)، کە شۆفێری شاحینە بوو، لە لایەن یەکێ لە گروپە تیرۆرستییەکانی ناو عێراقەوە ڕفێنرا، ئەوە بوو داوای ئەوەیان کرد، ئەگەر حکومەتی فیلیپین هێزەکەی لە عێراق نەکێشێتەوە،

ئەوا ئەوان ئەو هاووڵاتییە سەردەبڕن! بڕیاری کێشانەوەی هێزەکە بۆ حکومەتی ئەو وڵاتە هەژار و پڕ لە کێشەیە، بڕیارێکی زۆر سەخت بوو، چونکە لای کەمی دڵ ڕەنجانی ئەمریکای لێ دەکەوتەوە، کە وەک باسم کرد، ئەوان دۆستێکی ستراتیژی یەک بوون و زۆر پێویستیان بە ئەمریکا بوو. بەڵام لێهاتویی ئەم ژنە سەرکردەیە و دڵسۆزی بۆ ژیان و گیان و چارەنوسی هاووڵاتییەکی گەلەکەی، توانی سەربەرزانە بڕیاری خۆی بۆ بەرەی گەل و میللەت بدات و بەرژەوەندی هاووڵاتیانی خۆی لا گرنگتر بێت لە قازانجی دەستەڵات و میری.



سەرۆکی فلیپین گلۆریا ئەوریۆ

لە نێوان سەربڕینی هاووڵاتیەکیدا و سەربڕینی پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەمریکای زلهێزدا، هات بێباکانە و لێبڕاوانە دووەمیانی هەڵبژارد. ئاخر ئەو ناز و فرمێسکی ٨ منداڵەکەی ئەنجیلۆی لا بە بایەختر بوو لە دۆلارە سەوزەکانی ئەمریکا.

ئەم سەرکردە لێهاتووە ٥٠ سەربازەکەی خۆی هەر هەمان مانگ، لە عێراق کێشایەوە و هەر بەمەشەوە نەوەستا، وەک هەواڵەکانی کەناڵی جەزیرە ئەو کات بڵاوی کردەوە، لە ٢٠ ی هەمان مانگدا، کاتێ کە ئەنجیلۆ ئازاد کرا، ئەم بە پەرۆش و تاسەوە بەرامبەر بە تەلەفزیۆن، چاوەڕوانی چارەنوسی پڕ لە مەترسی ئەو تەنها هاووڵاتییەی خۆی دەکرد و کاتێ هەواڵەکەشی بیست، لە خۆشیاندا هەردوو دەستی بەرز کردەوە. ئەو وانەیەکی لە دڵسۆزی و سەرکردایەتی کردنی ڕاست و دروستی، بۆ سەرۆکەکانی تری وڵاتانی دواکەوتوو دادا، کە ئەستەمە ئەم سەرکردانە وا زوو فێری ببن.

ئەمەی سەرەوەم وەک نمونەیەک هێنایەوە، ئەگینا نمونەی تریش هەن وەک تێکچونی پەیوەندی نێوان کەنەدا و ئێران بۆ ماوەیەک، چەند ساڵێک لەمەوبەر، لەسەر ئەوەی (زوهرە کازمی) ڕۆژنامەنوس و هاووڵاتی کەنەدی بە ڕەگەز ئێرانی، لە یەکێک لە زیندانەکانی ئێراندا، لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپاردبوو.

**وەک هەموو دەزانین، وا ١٨ ساڵە ١٨ پاکیزەی کورد لە لایەن رژێمی گۆڕبەگۆڕی سەدام حوسێنەوە، بە پێی بەڵگەنامەی ژمارە ١٦٠١ ی بەرواری ١٩٨٩/١٢/١٠ بەڕێوبەرایەتی موخابەراتی کەرکوک بۆ بەڕێوبەرایەتی موخابەراتی گشتی لە بەغدا، بۆ سەماگە و یانەی شەوان، بۆ تێرکردنی ئارەزووە سۆزانییەکانی برا عەرەبە چاوڕەشەکانمان، بۆ میسر نێردراون، یان ڕاستتر بڵێین فرۆشراون. ئەم هاووڵاتییانە کوردی باشوری (جاران بە زۆر لکێنراو و ئێستای بە ئارەزوو) ی عێراقن.**

**مام جەلال کە سەرکردەیەکی ناسراو و بەئەزمونی کوردە و ئێستا سەرۆکی عێراقە، دەبێ بۆچی چەند خولەکێک لە کاتی خۆی نەگرێت و تەلەفۆنێک یان نامەیەک ئاڕاستەی هاوتا میسرییەکەی نەکات؟ تۆ بڵێی ئەوە نەهێنێت، کە پشویەکی نێوان دوو دانیشتنی ( هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ ی عێراق!) ی بۆ تەرخان بکات، کە هەر خۆی ناوبژیوان و میانگیریانە و کەسیش لێی مەمنون نییە، تاوەکو جارێکی تر سوننە و شیعە پێکبێنەوە و پێکەوە هاوپەیمانەتییەکی دژ بە ئێمە دروست بکەن؟!! یان ئەوەندەی نەخۆشیەکەی شاعیرە جەزائیریەکە و عەموو بابا گرنگ نەبێت بە لایەوە؟**
**ئایا پێی وایە، ئەگەر ئەمە بکات، برا عەرەبەکان لێمان زیز دەبن و دەڵێن تاڵەبانی لایەنگیری نەتەوەکەی دەکات؟ یان پێی وایە ئەو کورسیە تا سەر بۆ ئەو دەبێت و بە بێدەنگ بوون لەم مەسەلە گرنگ و هەستیارانە، هاوسەنگی نێوان نەتەوە جۆربەجۆرەکانی عێراق ڕادەگرێت ؟ ئایا دەزانێت کە ئێستا ئەو، چ وەک سەرکردەیەکی کورد و چ وەک سەرۆک کۆماری عێراق، بەرپرسیارە لە هەوڵ و کۆشش بۆ ڕونکردنەوەی چارەنوسی ئەو خوشکە گەرمیانیانەمان ؟ ئایا دەزانێت کاتێ خانەنشین دەبێ و دەست دەکات بە نوسینەوەی یاداشتەکانی (وەک خۆی بەنیازە) دەبێت ئەم بابەتە بپەڕێنیت، گەرئێستا ئاوها مامەڵەی لەگەڵ بکات ؟**
**ئاخر ئەو ئێستا سەرۆک کۆماری وڵاتێکە، نامە و تەلەفونێکی لە کاتی ئێستادا، چەندان جار سەنگ و قورسایی زیاترە لەوەی کە سبەی ئەو کورسیەکەی لێ سەندرایەوە، ئینجا بێت و وەک سەرۆک حیزبێکی باشوری کوردستان ئەو کارە بکات. تۆ بڵێی مام جەلال ئەگەر سبەی ١٨ کچی شیعە لە لایەن گروپە سوننەکانەوە (یان بە پێچەوانەوە) ڕفێنرا، نەک نامەو تەلەفۆن بەڵکو کۆنفرانسی ڕۆژنامەگەریشی بۆ نەبەستێت و هەموو هەوڵەکانی نەخاتە کار بۆ دۆزینەوە و ئازادکردنی ئەو عێراقیانە ؟!!!**
**هەڵبەتە خوێنەر ئازادە لە وەڵامی ئەم پرسیارانە...**